# کلارا زیتکینو ئەلکساندرا کۆلۆنتای کێ بوون؟

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

باس کردن لە 8ی مارس بی باس کردنو یادکردنەوەی ئەم دوو ڕابەرە بەرجەستەو مێژووییەی جووڵانەوەی سۆشیالیستی کرێکارییو جووڵانەوەی ژنان ناتەواوە. بێدەنگەکردنی ناوەندەکانو هەڵسوڕاوانی فیمینیست سەبارەت بە مێژووی ئەم کەسایەتیە گەورانەی جووڵانەوەی ژنان هۆکاری ئاشکرای هەیە، ئاخر لە کەسایەتی ئەم دوو ژنە خەباتکارەدا هاوچارەنووسیو هاومێژوویی جووڵانەوەی کریکارییو جووڵانەوەی ژنان بەرجەستە دەبیتەوە، ئەمەش ڕاستیەکە کە فەلسەفەی وجودی فیمینیزمی بۆرجوازی پەردەپۆشکردنێتی.

## کلارا زیتکین



کلارا زیتکین 5ی تەموزی 1857 لە ویلایەتی ساکسۆنیا لە ئەڵمانیا لە دایک بووە، باوکی کلارا مامۆستا بووەو ئەمیش پاش تەواوکردنی خوێندن وەک مامۆستا کاری کردووە، لە ساڵی 1874 پەیوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی ژنان پەیدا کردووەو لە 1878 بووەتە ئەندامی حزبی سۆشیال-دیموکراتی ئەڵمانی. بە هۆی ڕاوەدوونانی پۆلیس لە هەمان ساڵدا ناچار بووە بچێتە زیوریخ لە سویسراو لە 1882 چۆتە پاریس. کلارا لە پاریس ڕۆڵی گەورەی لە پێکهێنانی ئەنتەرناسیۆنالی دووەمدا بینیوە.

کلارا بایەخێکی زۆر گەورەی بە کێشەی ژنان داوەو لە بواری خەباتکردن بۆ فرسەتی یەکسانو مافی دەنگدان بۆ ژنان کەسایەتیەکی بەرجەستەی سەردەمی خۆی بووە. ئەو بناغەدانەری جووڵانەوەی سۆشیالیستی ژنانی ئەڵمانیا بووە. لە 1891ەوە تاکو 1917 سەرنووسەری بڵاوکراوەی "یەکسانی" بووە، کە بڵاوکراوەی ژنانی حزبی سۆشیال-دیموکراتی ئەڵمانیا بوو. ئەم بڵاوکراوەیە لەسەر دەستی کلارا بە جۆریک فراوان بووەوە کە لە ساڵێ 1914دا 125 هەزار دانەی لێ بڵاو دەکرایەوە.

لە کۆنگرەی حزبی سۆشیال-دیموکراتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1896 کلارا زیتکین سەرنجی کۆنگرەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە تەنها بە خەباتی هاوبەش لەگەڵ ژنانی پرۆلیتاریا سۆشیالیزم دەتوانێت سەربکەوێت، ئەو لە وتارێکدا کە لەژێر هەمان ناونیشاندا خویندیەوە لە کۆتاییدا ووتی: "...وەک چۆن پرۆلیتاریا تەنها بە خەباتی یەکگرتوو، بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوەییو پیشەیی، دەتوانن سەربکەون، هەروا تەنها کاتێک دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن ئەگەر شانبەشانی یەکتر، بی جیاکردنەوەی جنسی، ڕابووەستن. هاوکاری جەماوەری بەرینی پرۆلیتاریای ژن لە خەباتتی ئازادیخوازانەی پرۆلیتاریادا یەکێک لە پێشمەرجە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی سۆشیالیزمو بیناکردنی سۆشیالیزمە"

ئەو بە وەفاداری بەم بیرکردنەوەو تێڕوانینەی خۆی بە هیمەتێکی گەورەوە لە هەموو بواریکدا هەوڵی بەرجەستە کردنەوەی کێشەی ژنانی دەدا، ئەوە بوو لە یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنانی سۆشیالیست کە بەر لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم لە ساڵی 1907 لە شتوتگارتی ئەڵمانیا بەسترا، بیرۆکەی ڕێپێوانی جیهانی لە یەک ڕۆژی دیاریکراودا بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنانی کرێکار لەوانەش مافی دەنگدان پیشنیار کرد. سێ ساڵ دوای ئەوە لە دووەم کۆنفرانسدا کە 100 کەس لە نوێنەرانی حزبە سۆشیالیستەکانو ئیتیحادیە کرێکاریەکانی ژنانو کۆڕو کۆمەڵو یانەکانی ژنان لە 17 وڵاتەوە تیایدا بەشدار بوون، بریاری دانانی ڕۆژێکی وەک ڕۆژی جیهانی ژنانی پێشنیار کردو بە رای هەموو بەشداربووان پێشنیارەکە قبووڵ کرا.

زیتکین ئەم بڕیارەی لەسەر کاغەز نەهێشتەوەو لە 19ی مارسی 1911 یەکەمین ڕۆژی جیهانی لە ئەڵمانیاو چەند وڵاتی ئەوروپایی تر یادکرایەوە، ئەلکساندرا کۆلۆنتای کە یەکێکی تر لە هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستی ژنی ئەو سەردەمە بوو و لە ڕێکخستنی




خۆپیشاندنانی ئەڵمانیا چالاکانە بەشداری کردبوو سەبارەت بە خۆپیشاندانی ئەو ڕۆژە دەڵێت: "...سەرکەوتنی [ئەو ڕۆژە] لەسەروو هەموو چاوەڕوانیەکانەوە بوو، ئەڵمانیاو نەمسا لە ڕۆژی ژنانی کریکاردا دەریایەک لە جۆشو خرۆشی ژنان بوون، کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە هەموو جیگایەک ڕیکخرا، لە شارۆچکەو تەنانەت هەندێک لە گوندەکانیش هۆڵەکان بە ڕاددەیەک پڕ بوبوون کە داوا لە کرێکارانی پیاو کرابوو کە جێگاکانی خۆیان بدەن بە ژنان.

دیارە ئەمە یەکەمین نیشاندانی گیانی جەنگاوەریی (میلیتانتی) بوو لە لایەن ژنانی کرێکارەوە. پیاوان لە ماڵەوە لە لای منداڵەکانیان دانیشتبوون...ژنەکانیان، ژنانی زیندانی کراوی کونجی ماڵ، چوون بۆ میتینگەکان. لە خۆپیشاندانە فراوانەکاندا کە نزیکەی 30 هەزار بەشداریان دەکرد، پۆلیس بڕیاری دا کە لافیتەی دەستی ژنان دابگرێت، ژنان بەرامبەریان وەستانەوە. لەو دەستەویەخە بوونەی بە دوای ئەمەدا پێشهات، خوێنڕژان تەنها بە هاوکاری ئەندام پەرلەمانە سۆشیالیستەکان بەری پێ گیرا."

لە ناو حزبی سۆشیال-دیموکراتی ئەڵمانیادا، کلارا زیتکین لە پاڵ هاوڕێی هەرە نزیکی، ڕۆزا لۆکسیمبۆرگ، یەکێک بوو لە کەسایەتی بەرجەستەکانی باڵی چەپو شۆڕشگێڕی ئەو حزبە. لە جەدەل لە بەرامبەر ڕیڤیژنیزمی ناو حزبدا لە سەرەتای سەدەی بیستدا لەگەڵ ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ڕەخنەی توندیان لە تێزە ئۆپۆرتۆنیستو ریفۆرمیستیەکانی ئیدوارد بێرنشتاین گرت. لە ساڵی 1916 لەگەڵ ڕۆزا لۆکسمبۆرگو ژمارەیەکی تر لە هاوڕێکانیان گروپی سپارتاکیستو لە 1917 حزبی سۆشیال-دیموکراتی یەکگرتووی ئەڵمانیای پێکهێناو لە 1918 بە حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیاوە پەیوەست بوو. لە نێوان ساڵەکانی 1920 تا 1933 لە رایخستاگ (پەرلەمانی ئەڵمانیا) وەک نوێنەرێکی حزبەکەی ئەندامی پەرلەمان بوو، لە ساڵی 1932 وەک سەرۆکی پەرلەمان بانگەوازی خەڵکی ئەڵمانیای کرد کە لە دژی نازیسم خەبات بکەن. پاش هاتنە سەرکاری هیتلەر ناچار بوو ئەڵمانیا بەرەو ڕووسیا جێ بهێڵێو لەوێ لە 20ی حوزەیرانی هەمان ساڵداو لە تەمەنی 76 ساڵێ بۆ هەمیشە چاوی لێکنا.

## ئەلکساندرا کۆلۆنتای



جێگاوشوێنێک کە کلارا زیتکین لە مێژووی جووڵانەوەی ژنانی دنیادا هەیەتی مەگەر تەنها ئەلکساندرا کۆلۆنتای لەو ئاستەدا بێت. ئەدیبی ڕوسی مەکسیم گۆرکی وتوویەتی: ڕوسیا تەنها دوو کۆمۆنیستی تیایە، لینینو ئەلکساندرا کۆلۆنتای. کۆلۆنتای تاقانە ئەندامی ژنی کۆمیتەی مەرکەزی حزبی بەلشەفی بووە لە ساڵی 1917و یەکەمین وەزیری ژنە لە مێژووی هاوچەرخی دنیادا. ئەو سەرەڕای کارە بەرجەستەکانی وەک وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لە یەکەمین حکومەتی پاش شۆڕش کە لینین سەرۆکایەتی دەکرد، سیماو کەسایەتیەکی ناسراوی جووڵانەوەی ژنانی ڕوسیاو ئوروپا بووە.

ئەلکساندرا میخایلۆڤنا کۆلۆنتای لە 31ی مارسی 1872 لە خێزانێکی ئەریستۆکراتی ڕوسی لە دایک بووە. باوکی جەنەراڵێکی گەورەی سوپاو دایکی کچی بازرگانێکی گەورەی فینلەندی بووە. وەک کچە ئۆرۆستۆکراتێک کۆلۆنتای خوێندنی لە ماڵەوە بە سەرپەرشتی مامۆستای تایبەت ئەنجامداوە. ساڵی 1893 ئەلکساندرا هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزای خۆیدا کرد، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کورت هەستی بە بێزاری کردووە لەبەرئەوەی ژیانی نوێ

لەگەڵ ئارەزووی قووڵی ئەو بۆ فێربوونو پێگەیشتنی زیاتر ناکۆک بووە. لە کاتێک کە لەگەڵ مێردە ئەندازیارەکەی لە یەکێک لە گەشتەکانیدا سەردانی کارگەیەکی گەورەی جلوبەرگ دەکەن، کۆلۆنتای تەرمی منداڵێکی کرێکار لە نێو کۆگایەکی ئەو کارگەیەدا دەبینێت کە زۆر بێ بایەخ لە نێو شتومەکەکاندا فڕێ دراوەو ئەم رووداوە دەبێتە سەرەتای گۆڕانێکی گەورە لە ژیانیدا.
ساڵی 1898 کاتێک بە نووسینو بیرکردنەوەی مارکسو لینین ئاشنا بووە، بە مەبەستی خوێندن رووسیاو هاوکات ژیانی ژنومێردایەتیشی بەجێ هێشتووەو بۆ خوێندنی ئابووری سیاسی رووی کردووەتە زیوریخ. لەوێ بەشداری لە جووڵانەوەی سۆشیال-دیموکراتی ئەڵمانیادا کردووەو پەیوەندی نزیکی لەگەڵ دەرکەوتوو ترین ڕابەرانی وەک رۆزا لۆکسمبۆرگو کلارا زیتکین دروست کردووە.
لە سەرووبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی 1905ی ڕوسیا بەشداری چالاکانەی لە جووڵانەوەی کرێکاریدا کردووەو لەوە بەدوا لە تەواوی ساڵەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم بەشی زۆری کاتی خۆی بۆ کارکردن لە نێو ژناندا تەرخان کردووە. ساڵی 1906 بە مەبەستی توێژینەوە لە کێشەکانی ژنانی کرێکارو ڕاهێنان لەسەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی سازدانو هاندان لە نێو ژنانی کرێکاردا، لەگەڵ هاوڕێکانی لە حزبی سۆشیال-دیموکراتی ڕوسی یانەی ژنانی کریکاری پیک هێناوە. ئەم یانایە کاریگەری لەسەر پێکهاتنی ناوکۆکەی سەرەتایی جووڵانەوەی سۆسیالیستی ژنانی ڕوسیا دانا. لە کۆنگرەی ژنانی ڕوسیا کە لە ساڵی 1908دا بەسترا ژنانی کریکار توانیان وەفدی نوێنەرایەتی خۆیان بنێرنو خواستەکانیان مەترەح بکەن، لە وەفدەکەدا 30 کرێکاری ژن هەبوون کە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون.
کۆلۆنتای بە هۆی ڕاوەدوونانی پۆلیس، لە ساڵی 1907 ناچار بوو دووبارە ڕوسیا جێبهێڵێو بچێتە ئەڵمانیا لەوێ لە کۆنگرەی شتوتگارتی حزبی سۆشیال-دیموکراتی ئەڵمانی بەشداری کرد، هەروەها ئەو ماوەیە یەکێک بوو لەوانەی لە قوتابخانەی کەوادری حزبی کە بۆ کرێکارانی روس لە ئیتالیا کرابۆوە دەرسی وتۆتەوە. هەر لەو ماوەیەدا چەندین پرۆژەی یاسای سەبارەت بە دایکایەتیو مناڵ بۆ پەرلەمانتارە سۆشیالیستەکان ئامادە کردووە کە پێشکەشی بکەن. لەو ماوەیەدا کە لە دەرەوەی ڕوسیا بوو کتێبێکی بە ناونیشانی "بناغە کۆمەڵایەتیەکانی مەسەلەی ژن" کە کتیبێکی جەدەلیە لە بەرامبەر فیمینیستەکانو لە هەمان کاتدا بانگەوازی حزبی سۆشیال-دیموکراتی ڕوسا دەکات کە جووڵانەوەیەکی ژنانی کرێکار بنیات بنێت. لە 1911 لە ڕێکخستنی یەکەمین یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی ژنان لە ئەڵمانیا بەشداری کردو پاشان سەردانی فەرەنسای کرد بۆ ڕیکخستنی مانگرتنی ژنانی ماڵەوە لە دژی گرانیو هەروا بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ڕۆڵی ژنان لە ئیتیحادیە کرێکاریەکانی ئەو وڵاتە سەردانی بەریتانیاشی کرد.
کۆلۆنتای کە تا دەستپێکردنی جەنگ پەیوەندی لەگەڵ حزبی مەنشەفی هەبوو، لەبەر ناڕەزایەتی سەبارەت بە هەڵوێستی ئۆپۆرتۆنیستانەی مەنشەفیەکان لەمەڕ جەنگی جیهانی یەکەم، لەوان دابڕاو لە حوزەیرانی 1915 پەیوەندی بە بەلشەفیەکانو لینینەوە کرد. لە پاش رووخانی حکومەتی تزار گەڕایەوە بۆ ڕوسیاو زۆر هانی بەلشەفیەکانی دا کە بایەخی تایبەت بە کارکردن لەنێو ژنانی کرێکاردا بدەن. بەشداری لە دەرکردنی بڵاوکراوەی کرێکاریی (ژنانی کرێکار) کردو لە ڕێکخستنی جووڵانەوەی ژنانی کرێکاردا لە دژی گرانیو باری قورسی کاری نێوماڵ دەورێکی بەرچاوی بینی.
لە پاش شۆڕسی ئۆکتۆبەر کۆلۆنتای بوو بە کۆمیسیاری خەڵک (وەزیری) بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی لە یەکەمین حکومەت کە لەلایەن لینینەوە سەرکردایەتی دەکراو تاکو ئازاری 1918 لەم پۆستەدا مایەوە. لەم ماوە کەمەدا بناغەی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی ریشەیی لە بواری بارودۆخی ژنانو خزمەتگوزاریە گشتیەکان دانا. یەکەمین هەنگاوی چاککردنی باری گوزەرانی کەمئەندامانی جەنگ بوو. پاشان گرنگترین کارەکانی برێتی بوون لە: هەڵوەشاندنەوەی ئاموزشی ئاینی کچان لە قوتابخانە ڕەسمیەکان، گواستنەوەی ڕەبەنە ژنو پیاوەکان بۆ بەڕێوبەرایەتی مەدەنی، دانی مافی خۆبەڕیوەبردنی کچان لە قوتابخانەکاندا، فەراهەمکردنی دامەزراوێکی تایبەت بە دەربەدەرەکان بۆ شوێنکردنەوەی هەتیوانو منداڵانی ناشەرعی، پێکهێنانی لیژنەیەک کە یاسای بیمەی تەندروستی خۆرایی بۆ هەموو دانیشتووانی رووسیا دانا، دانانی بیرۆی ناوەندی چاودێری دایکایەتیو منداڵان لە سەرەتای 1918، گۆڕینی خەستەخانەکانی منداڵ بوون بۆ دامەزراوو خانەی خۆڕایی بۆ چاودێری کردنی دایکایەتیو منداڵان کە کاری ئامۆژگاری کردنی ژنانی سکپڕ بکاتو کەرەستەکانی ڕێگرتن لە سکپڕی فەراهەم بکاتو دانانی دایەنگای ڕۆژ بۆ سەرپەرشتی کردنی منداڵانی ژنانی کرێکارو...هتد.

له ماوەی ساڵێک له دەسەڵاتی بەلشەفیەکان گوزەرابوو که دەسەڵاتی کەنیسه بەسەر پرۆسەی هاوسەرگیریەوه به یەکجاری وەلانراو یەکسانی حقوقی تەواو له نێوان ژنانو پیاوان له خێزاندا بەدیهاتو هاوسەرگیری بووه رێکەوتنێکی ئازادانه له نێوان دوو کەسی یەکسان که بەهاوبەشی ژیانی پێکەوەیی دروست دەکەنو هەر یەکەیان بۆی هەیه هەر کاتێک ئارەزووی کرد داوای کۆتایی هاتنی بکات.



بەهاوبەشیو هەوڵی کۆلۆنتای دەوڵەتی سۆڤێت نموونەیەک بوو بۆ دەسەڵاتێک که ژنان له سایەیدا به یەکسانیو ئازادیەک بگەن که پێش شۆڕشی بەلشەفی له هیچ جێگایەکی دنیا نموونەی نەبوو، بۆ کاتی خۆی ڕوسیا به چەندین هەنگاو پێش پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا کەوتبوو. کۆلۆنتای لەوەشدا که 8ی مارس وەک ڕۆژی پشووی ڕەسمی ڕاگەیەنرا دەوری پێشرەو پێشنیارکەری هەبوو.

ئەلکساندرا کۆلۆنتای له یاداوەریەکانی خۆی که له ساڵی 1926 نووسیویەتی دەڵێت: " ئەگەر شتێکم لەم دنیایەدا بەدیهێنابێت ئەوا ناگەڕێتەوه بۆ کارەکتەری کەسایەتی خۆم، ئەو کارانەی ئەنجامم داون نیشانەی ئەوەیه که ژنان کەوتوونەته سەر ڕێگایەک که به ئاراستەی دانانی گشتی به ڕۆڵیان دەچێته پێشەوه...تەنها لافاوه شورشگێڕانه نوێکان هێزی ئەوەیان پەیداکرد که هەموو گرێ دەروونیەکانو خەڵتەو پاشماوەکانی ڕابردوو که له دژی ژنان بوون ڕامالْن، تەنها خەڵکی زەحمەتکێشی بەرهەمهێن دەتوانێت یەکسانی تەواوو ئازادی هەمەلایەنەی ژنان، له ڕێگای بیناکردنی کۆمەڵگایەکی نوێوه، بەدیبهێنێت"

کلارا زیتکینو ئەلکساندرا کۆلۆنتای له کەسایەتی خۆیاندا له کاره گەورەکانیاندا ئازادیخوازی چینی کرێکارو سۆشیالیزمیان بەرجەسته کردووه.

بەرزو بەرێز بێت یادی قارەمانەکانی خەباتی پرۆلیتاری له پێناو ڕزگاریو یەکسانیو ئازادی ژناندا

بەرزو بەرێز بێت یادی کلارا زیتکینو ئەلکساندرا کۆلۆنتای.

25/02/2009